




## نوکتەی سەفەری

* کۆمەڵە پیاوێکی یابانی پاش (٢) ساڵ سیسرکەکیان ڕاهێنابوو بەقسەیان بکات، فێریان کردبوو دەوەستاو دەرۆیشت، تەواو ڕایانهێنابوو، ڕۆژێکیان دانا بۆ ئەوەی خەڵک سەیری بکات، سیسرکەکە دەهات و دەچوو، ڕادەوەستاو دەرۆیشت، کوردێکیش لەوێ بوو، وای زانی خەڵک لێی دەترسن یەکسەر هاتە پێشەوەو پێیەکی خستەسەر سیسرکەکەو کوشتی، ووتی: بەهەمویان ناوێرن بچنە پێشەوە!!

## مەلەوانی و ڕۆژنامەوانی

ئاوێنە: پێرفێکتسیۆنیزم.
گەپ: بەخوا کوردیەکەت پەتییە!
ڕووبەر: حزبێکی نوێی ئیسلامی دروست دەکرێت.
گەپ: خوا لامانەدا لە بەڵای ناگەهان!
لڤین : ئەو قاوەیەی ئەنوەر سادات بۆ جەمال عەبدولناسری درووستکرد.
گەپ: هێشتا سارد نەبووەتەوە!
هەولێر: مامۆستایان جەژنەکەیشیان فەرامۆش کراوە.
گەپ: موهیم دەرماڵەکەیانە هەمیشە لەبیرە!
هەفتانە: عیشق فێری ڕێزمانی کوردی دەکات!
گەپ: دوای زەواج بیری ئەچێتەوە!
ئاسۆ: کەرکوک و شەڕی ئاوەدانی.
گەپ: ئاوەدانی کوا تا شەڕی لەسەرکەن؟
ململانێ: ئێران چی لە عیراق دەوێ ؟

گەپ: موتیعییییییی.
کۆمەڵ: کێ خاوەنی ئەم میللەتەیە؟
گەپ: مەنسول و حزبەکان.
ڕاکۆ: کۆنترین قوتابخانەی هەولێر ئێستا بنکەی پۆلیسە.
گەپ: هەتا بیپارێزن!
هاولاتی: بودجەی عێراق چۆن لوش دەکرێت ؟
گەپ: بە ئیتفاقی وەتەنی!
ڕووداو: لە هەولێر کورد لە عەرەب زیاتر دیشداشە دەکرن.
گەپ: هەواکەی خۆشە!
باس: خەمگینم بۆ پزیشکەکانی خۆمان!
گەپ: نرخی عەیادەکانیان زۆر هەرزانە تخوا!
چاودێر: سەنگەر گواستنەوە.
گەپ: ئەو حەرەکەیە کۆنە!

خەبات: کەرکوک سەنتەری گۆڕانکاری سیاسییە.
گەپ: دەستی لێمەدە، با هەر وەکو خۆی بێت.
دەستوور: کوران لە شەکراو خواردنەوە ڕزگاریاندەبێت.
گەپ: کوا کوڕ شەکراوی خوراوە، هەر هی کچ خوراوەتەوە !..
چاودێر: هاوسەرگیریەک لە ژێر ڕەحمەتی نەوتدا.
گەپ: خێزانێکی ئۆپێکی ئەخاتەوە!
ڕووداو: عەرەب لە سلێمانی داوای قوتابخانەی عەرەبی دەکەن!
گەپ: وەک کوردەکانی حەویجەو موسڵ و تکریت ؟







## هەواڵی ماتۆڕی

سایقی ماتۆرەکەمان بەدەم قاقای پێکەنینەوە لەبەردەمماندا ئیستۆپێکی گرت و وتی:کوڕینە ئەمڕۆ لەشارۆچکەی سەیدصادق بووم، لەدیواری مزگەوتێک نوسرابوو: ئەم زەوییە بۆ فرۆشتنە، تومەز حەوشەی مزگەوتەکە موڵکی کابرایەکی قوڕ بەسەرەو تاپۆی ڕەشیشی هەیە، دەجار عەریزەی نوسیوە بۆ وەرگرتنی سولفەی عەقار بەڵام پێیان وتوە: تاکو زەویەکەت ساغ نەکەیتەوە، چاوت بەعانەی ئەحمەڕ ناکەوێ، کابراش بە ئیمام و خەطیب و بانگ بێژو خادم و ئال و ئەصحابی مزگەوتەکەی ڕاگەیاندوە ئەگەر پارەی زەوییەکەم نەدەنەوە، ناچارم مزگەوتەکە بڕوخێنم!!



## عەینەن یەک



### نووری سەعید

١- ساڵی ١٩٢١ هاتە سەر حکوم
٢- سەردەمی مەلەکی و پاشایەتی بوو،
٣- چواردە جار کرا بە سەرۆک وەزیران
٤- کوردەکانی کەرکوکی تەعریب دەکرد.
٥- لە حکومەتدا سی و حەوت ساڵی خایاند.
٦- بەشداری لەحیلفی بەغداو ئیتحادی هاشمیدا کرد.
٧- لەساڵی ١٩٥٨ دا کوژرا.

### نووری مالیکی

١- ساڵی ٢٠٠٣ بەخزمەتی گەیشتین
٢- سەردەمی کەڵەگایی و پاشا گەردانییە
٣- چواردە ملیۆن کەس لێی ناڕازییە!
٤- جا چیە؟ ئەمیش!!
٥- بۆ چل و حەوتیش خۆی ناخورێنێ!
٦- بەشداری لەهەموو تیکە چەورەکاندا کرد!
٧- نوقڵانەی بۆ لێمەدە، هەڵامەتیش ناگرێ!

بۆچوون



NAMO



**ڕۆستەم زادە (نامـــــۆ)**

**تایبەت بە گەپ دەینێرێ**

## نوکتەی سەفەری

* کابرایەک بووە میوانی ماڵێک، پاش نان خواردن کابرا بە خاوەن ماڵەکەی گوت: ئەرێ (WC) تان هەیە؟ ژن و پیاوەکە سەیری یەکتریان کردو نەیان زانی (WC) مانای چیە، وتیان: هەمانبوو، بەڵام مناڵەکان هەموویان خوارد!

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



**(خۆپیشاندان)**

**عەبە سێ سەر**

### تەحلیلی سیاسی:

بەشێوەیەکی گشتی خۆپیشاندان کارێکی باشەو لەڕوی سیاسیەوە شتگەلێکی زۆر ئیجابی لێ چاوەڕوان دەکرێ، بەتایبەتی ئەو کاتانەی خۆمان پیشانی کامێرای میدیاکان دەدەیـن بۆ قسەی نەستەق و مەستەق، ئێوارەش لەماڵەوانێ خۆمان دەبینینەوە لەشاشەی تیڤیەکان دەردەکەوین ئیتر زۆر خۆشە!.

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

خۆپیشاندان و مانگرتن و قین کردن لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە کارێکی مێگەتیفەو بەرەو بێتام بوون دەچێ، چونکە وەزعەکە وایلێهاتوە بە هـەر ژنێک بڵێی: بۆچی پاشماوەی فاسۆلیاو برنج هاوێچ لەگەڵ حـەفازەی منداڵدا فرێدەدەیتە کۆڵان؟ بەدەنگی بەرز دەقیژێنێ و دەڵێ: خەتای حکومەتە!!

## (هەر لۆ فشەی)

### شێڤە فشە

جاران کە ئەمە (تەلەبە) بووین، عەدمان چ بوو تەماشای ناو چاوی مامۆستای بکەین، ئەگەر لە کۆڕانێ خۆمان توشی مامۆستای خۆمان باینە، لەترسان هەر دەهاتینەوە ژۆرێ، هەرلۆفشەی خۆمان لەپشتی عامودان دەشاردەوە، لەترسی مامۆستای نەدەوێراین هەرلۆفشەی کەلایانێش بکەین، تەلەبەی ئەورۆش لەپێش مامۆستای جخارەی دەکێشی و فیتەی لێ دەدا، زۆرجار پشتی مامۆستای بەسەبورەی تێ دەگەن بەتەباشیر لێی دەنوسن! لەناو سەفی چەقوی لەسەر (رەحلەی دادەنێن) پیاوم دەوێ برێ: ئم، حساب نە لۆ مدیرو نە لۆ مامۆستا و نە لۆ کەس ناکەن، کە جەرەسیش لێ دەدا، هەموویان هەرلۆفشەی بەسەر دیواریدا ئاودیو دەبن، کەس ناوێرێ پێیان بێژێ لە(پشت چاوت دوو برۆیە) زستان بوو مامۆستا (٣٠) داری لە (لەتیفە دوببەی) دا، ئەو کورە نەیگۆ ئۆف، هەنوکەش تەلەبە بە کەیفی خۆی لە مامۆستای دەدا، سەری دەشکێنی، پیاویشم دەوێ سەری ساڵی هەرلۆفشەی یەکەمی ناکا، دووەمیش بی حیمایەکانی بابی بەشەق پشتی دەشکێنن! لەناو قونی سەیارەی دەنێن و هەتا نەرێ تۆبە سەد تۆبە وازی لێ ناهێنن..!!





### ئابووری:

ئەم مەسەلەی خۆپیشاندانە لەرووی ئابووریەوە نە قازانجی هەیەو نە دەستمایە، چونکە هەندێ جار خۆپیشاندەران فەلاقەیەکی باش دەخۆن و کەسیش دیناریکیان بۆ ناسەرفێنێ، خۆ ئەگەر مایک و کامێرای پەیامنێرەکانیش قەزاو بەڵای حازری برد دەبێ خۆیان بیبژێرن، بۆیە ژێرخانی ئابووری مێشێک موانی نییە!!



## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١- لە شەوێکی وەک ئەمڕۆداو لە سەرەتای مانگی تشرینی سێیەمی ساڵی دوو هەزارو دەی ستۆدیۆی ئەستێرانی سیاسیدا، ڕەجەب طەیب ئۆردوگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بە شێوازێکی ئەکادیمیانە حەیرانێکی تورکی بۆ وتن!!

٢- لەڕۆژێکی وەک جومعەداو لەرێکەوتی بیست و یەکی ئۆکتۆبەری ساڵی دووهەزارو سیانزەی بێئاویدا، لەشاری سلێمانی و لەمزگەوتی سەید ئەحمەدی نەقیب، لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی تاراتگرتندا ئاوی بەلوعەکانیان لەو عالەمە گرتەوەو چۆڕیان لێبڕی! جا بیهێننە پێش چاوی خۆتان دەبێ دوای ئەوە چی ڕویدابێ؟

٣- لەمانگێکی موحەڕڕەمداو لەبەرواری شانزەی مانگی گەڵا نەڕێزانی ساڵی بیست و شەشی کۆچی دوایی سیقەو متمانەییدا، لەلایەن حکومەت و پەرلەمان و لیژنەی فەتوا لیژنەی تەحریم و تەحلیلەوە وەرگرتنی سولفەی عەقار چل و پێنج دەفعە حەرام کراو چل و شەش دەفعە حەڵال کرایەوە!!




## تیاترۆ

عوسە سویچ

ژن/ کابرا لەکوێ بووی؟
مێرد/ چوم بۆلای دکتۆر..
ژن/ بۆلای کام دکتۆر؟
مێرد/ دکتۆر پارە خۆر
ژن/ چی و چی پێ وتیت؟
مێرد/ وتی: نەزۆکی
ژن/ ئەی تۆ وتت چی؟
مێرد/ وتم: ئەی چارە؟
ژن/ ئەی ئەو وتی: چی؟
مێرد/ وتی: بەپارە
ژن/ پارەی بۆچی بوو؟
مێرد/ لیی تێنەگەیشتم؟
ژن/ بۆ تێنەگەیشتی؟
مێرد/ جەڕەسم بۆهات
ژن/ جەڕەسی کێ بوو؟
مێرد/ کچێکی هاوڕێم
ژن/ داوای چی دەکرد؟
مێرد/ دەیوت بمخوازە
ژن/ ئەی تۆ وتت چی؟
مێرد/ وتم قوززەڵقۆرت.
ژن/ بۆچی واتپێوت؟
مێرد/ بە ئەو نا بەتۆ.
ژن/ بۆ وام پێدەڵێی؟
مێرد/ چونکە مێشکم کەوت هەردوو گوێچکەم ڕۆ!

